ئەتلەتیکۆ گەبارانی خیتافی و گەیشتە قۆناغی پێش کۆتایی جامی شای ئیسپانیا

لە یارییەکانی قۆناغی چارەکی کۆتایی جامی شای ئیسپانیا، یانی ئەتلەتیکۆ مەدرید لە یاریگای خۆیدا میوانداری یانی خیتافی کرد.

گەمی یەکەم بە سێ گۆلی بەبەرامبەر لە سوودی ئەتلەتیکۆ کۆتاییهات، جولیانە سیمیۆنی دوو گۆلی تۆمارکرد و ساموێل لینە گۆکەی تری کرد.

لە گەمی دووەمدا، ئینخێل کۆریا و سەرلەس دوو گۆلی تریان بە ئەتلەتیکۆ تۆمارکرد و سەرەنجام یارییەکەیان بە پێنج گۆلی بەبەرامبەر بردەوە و گەیشتنیان بە قۆناغی پێش کۆتایی مسۆگەر کرد، خیتافیش ماڵئاوایی‌کرد.